# گوزەرێک بە...
# نامەی ئەدیباندا...

**ئا. و: جەبار سابیر**

ئەدیبان و هونەرمەندان جگە لە کارەکانیان رۆمان و شیعرو چیرۆک و تابلۆی شێوەکاریی و پەیکەرتاشیی، شتێکی تریان هەیە گەلێ ناوبانگی لەوکارانەیان زیاترە، ئەویش نامەیە... ئەونامانە. کە لە نێوان یەکتردا یاخود لەگەڵ مەعشوقەکانیان، یان هاورێکانیان گۆڕیویانەتەوە وەک نامەکانی بۆرئاویوی ژاپۆنی و گۆنتەرگراسی ئەڵمانی، یاخود نامەکانی فروغی فروخزاد بۆ پەروێز کامباری هاوسەری و ئیبراهیمی گولستان دەرهێنەری سینەمایی ئەمەی لێرەشدا دەیخوێنینەوە گوزەرێکە لە نێو هەندێک نامەی ئەدیبان و هونەرمەنداندا...

زۆرکات نووسەران لە بەرجەستەکردنی هەستە مرۆییەکاندا کە پەیوەستە بەسۆزو هەستی خۆشەویستی راستەقینە بۆ خوێنەران، ئەوەش لەرێگەی ئەوەی کە دەینووسن لەسەر زاری پاڵەوانەکانیان، یاخود لە شیعرەکانیاندا کە هەستێکی جۆشخواردوو هەڵچوو، دەبیندرێ.

زۆرکات پرسیار دەکرێت لە راستگۆیی ئەو نووسینانە، ئایا ئەمە لە دەرئەنجامی هەستێکی راستەقینەوە دێت. لەڕاستیدا رەنگە لەبەر ئەم هۆیەش بێت رەخنەگران و خوێنەرانی دوای ئەم تێکستە ئەفرێندراوە، دەزگاکانی بڵاوکردنەوەش گرنگی دەدەن بەبڵاوکردنەوەی دەستنووسی هەندێک لە نووسەران بەتایبەتی یادەوەری و ئەو نامانەی بۆ هاورێ و کەس و کاریان ناردوون، کە

زۆرێک لەم نامانە بەتایبەت سۆزدارییەکان لە دووتوێیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە لە پشتی تێکستە ئەدەبییەکانەوە هەیە، یارمەتیداوە بۆ نزیکبوونەوە لە نووسەرو دنیای نووسەرو دانراوەکانی، لەبەرئەوە چەندێ سەرنجی خوێنەران زیادبکات بۆ نووسەرەکەی دوای چاو پیاخشاندن بەنامە تایبەتییەکانی، چەند هیوای لە دەستداوە لە کاتی خوێندنەوەی ئەدیبانی دیکە.

دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب لە جیهاندا سەدان نموونەی لەوکتێبانەیان لەلایە کە هیچی دیکە نییە جگە لە نامە نێردراوەکانی نووسەران، ئەدیبی واش هەیە نامەکانی لە ئاستێکی ئەوەندە بەرزدایە کە بەهای کەمتر نییە لە رۆمان و شیعرەکانی خوێنەران و رەخنەگران وەها لێیان رووانیوە وەک پارچەیەک ئەدەبی بالێ، لەگەڵ ئەوەی کە لە پێناو بڵاوکردنەوەدا نەینووسیوە، بەڵام بێگومان راستگۆیی زۆری تێدایە، یاخود لە دۆخی راستگۆیی مرۆییدا بووە لەکاتی نووسینی ئەو نامانەدا.

لەبەرئەوەی نامە نێردراوەکانی فیکتۆر هۆگۆی شاعیری فەرەنسا و گۆتەی ئەڵمانی و شاعیری ئیتاڵی جوبرائیل دانفۆسیۆرو فرانز کافکا کە لە ئاستی تێکستی ئەدەبی پر بایەخ و بالێی و پێگەیشتوو نرخێنراوە بە گەڕانەوە بۆ ئەم دیاردە ئەدەبییە، دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەدیبان زۆرینەی ئەم نامانەیان لە تافی لاویدا نووسیوە، بەڵام ئەدیبمان هەیە لە دوای هەرەتی لاوییەوە نامەی ئەوینداری نووسیوە وەک شاعیری ئەڵمانی گۆتەو رۆماننووسی ئەمەریکی هنری میللەر، نامەی ئەوینداری تەنیا پیاوان ناگرێتەوە، بەڵکو دڵداری پوخت هەیە، وەکو نامەکانی ژنە ئەدیبی فەرەنسی (جۆرج ساند) بۆ شاعیری بەناوبانگ (ملتۆن)ی ناردووە هەروەها ژنە نووسەری نیوزلەندی (کاترین مانسفیلد) نامەی ئەوینداری بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە بەر لەوەی ببێتە هاوسەری، هەروەها ژنە نووسەری ئەمریکی (ئانایيس نین) نامەی بۆ هێنری میللەری رۆماننووسی هاوڕێی نووسیوە، زۆرینەی ئەدیبان ئەم جۆرە نامانەیان بۆ بڵاوکردنەوە نەنووسیوە، چۆن زۆرینەی ئەم نامانە لە ژیانی هیچ کامیاندا بڵانەکراوەتەوە، بەڵام ژنە نووسەر (ئانابیس نین) سەرجەم ئەو نامانەی کە بۆ میللەری هاورێ و کورو کچەکانی ناردووە تا لە ژیانیدا بڵاوبکرێنەوە، هەر ئەو نامانەش بوو بەهۆی بەخشینی ناوبانگی ئەدەبی بۆی. نامە بڵاوکراوەکان تەنیا لای خاوەن قەڵەمەکان نەبوو، بەڵکو موزیکڤان و شێوەکارانیشی گرتەوە، بەنێو بانگترینیان نامەکانی (مۆزارت و ڤاگنەر)ن.

شێوازی ئەو نامانەی کە سۆزدارین و ئەدیبە عەرەبەکان هەیانبووە جیاوازە لە هاوشێوەکانیان لە جیهاندا، ئەوەی شیاوی باسکردبێت زۆرینەی ئەو نامانە دیار نەماون و هیچ کەسێک گرنگیی بەبڵاوکردنەوەیان نەداوە، لە هۆکارەکانی ئەم هەستکردنەی پیاوی رۆژهەڵات بەوەی ئەم جۆرە گوتارانە یارمەتیدەرن بۆ شێواندنی سیمای (گراوییەکەی) دڵداری، ئەوەی ناسراوە لە نەریتی دێرینی عەرەبدا ئەو شاعیرەی شیعری بەناوی خۆشەویستەکەیەوە دەنووسێت و نەریت وایە

بیــخــوازێت ئەمــەش بۆ جــەخــتکردنەوە لەســەر پاکیزەیی کچ و پارێزگاری لە شەرەفی خێزانەکەی، لەم روانگەیەوە گرنگترین ئەو نامانەن کە لە نێوان ئەدیبە عەرەبەکاندا گۆڕدراونەتەوە، ئەو نامانەیە کە لە نێوان (مەی زیادە)و (عەباس مەحموود عەقاد)و (جبران (خەلیل جبران)و (مستەفا سادق ئەلرافعی) دایە، بەڵام گوزارشتیــان لە هەستی ئەویندارى راســتــەقــینە نەدەکــرد... ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی (مەی زیادە) لە نووسین و بڵاوکردنەوەیدا.

بەڵام نامەکانی (تەها حوسێن) بۆ (سۆزان)ی هاوســەری بڵاونەکــرایەوە. هەروەها نامــەکــانی (تەوفیق حەکیم) و زۆری دیکەش... ئەم نامانە هەندێک گرنگیی لە ژیانی نووسەرو کارەکانیان ئاشکرا دەکــەن وەک چۆن ئەدیبی ئیــتــاڵی (کــاردۆتش) نامــەکــانی بۆ خــاتوو (بیــفــادی و روفیــجۆ) نووسیوە، کە لەم نامانەدا زۆری ژان و ئارەزوو و مەینەتی لایەنە سۆزدارییەکانیانی تێدا بەدیدەکرێت. نەیتوانیوە دڵی ئەو خۆشەویستەی کە چۆتە لای پیاوێکی دیکە بەدەست بێنێت هەروەها سنووری خۆشەویستی لە نێوان (فرانتز کافکاو میلینا یافنسکا)ی ئاشکراکرد.

لە نموونەی ئەم نامانە...

**ڤیکتۆر هۆگۆ**

لە ٢٨ی دیســەمــبــەر ١٨٢١دا بۆ ئەدیلی خۆشەویستی نووسیوە: خۆشەویستەکەم ئەدیل هەمیشە دەتبینم بیر لە خەم دەکەیتەوە، بەڵام ئەمڕۆ شتێکم لە بارەی خۆزگەکانی سبەینێوە پێبڵێ، کێ بەرگەی ئازارەکانم دەگرێ جگە لە تۆ. من نهــۆ جگە لە دوو شت چیــدیکەم هەیە تۆو مــەرگ، لە گــەردوونا هیچ نابینم جگە لە ئەدیل، چونکە ئەو هاوسەرو کەسوکارمە، هەموو ژیانە بۆ من، من پشتم بەتۆ بەستــووە، بەبێ تۆ من هیچ نیم، تاقە هۆکارێ بۆ مانەوەم تۆی...

وەک زانراوە ئەدیل ژنی دووەمی ڤــیکتــۆر هۆگــۆیە، لە زۆرینەی ئەوینی بۆ ناوی ئەدیلی لە هەردوو کــچــەکــەی کــە هۆکــاری هەرەگــەورەی ماندووبوونەکانی بوون.

**گۆستاف فلۆبێر**

لە نامــــەیەکــــدا لە ١٣ی ئەپرێلی ١٨٥٤ بەخۆشەویستەکەی دەڵێت گەر خۆشم نەویستیتایە بۆم نەدەنووسیت و هەوڵی بینینتم نەدەدای، تۆ کام شازادەی بەسەرمەوە، ئایا لەبەرئەوەیە کاتێک لە پاریس بووم زۆرینەی کــاتەکانم لەگــەڵ تۆ بەسەر برد؟ یان لەســــەر ئەوەبوو ئارەزووی بینینی خــەڵکانی زۆرترم نەدەکــرد؟ یاخــود لەبەرئەوەی ماڵێکی نوێ و ئافرەتی ترم دۆزییەوە؟.. تا تۆ لە هەمــوویان باشــتــریت. لە ژیاندا لە تۆ جــوانتــر نابینمەوە. بەخۆشەویستمان شتێ هەیە بەتوندی رامدەکێشێت ئەوەش تۆی...

**فرانتز کافکا**

لە نێو زۆرینەی ئەو نامانەی کافکاو میاینیای خۆشویستی ئاڵوگۆڕیان کردووە نامەیەکی کافکایە لە ٩ی ئابی ١٩٢٣دا نووســیــوێتی و تیــایدا دەڵێت: میلینیا ئەی خانمە بەویقارەکە ئەو ژوورەت

لەبیر بێت کە بۆچوونەکانی گۆڕی، کە پێکەوە تیایدا دەمانووسی، ماوەیەکی زۆر پێکەوە تیایدا کارمانکرد، ئێستا من کارم زۆرەو هەست دەکەم ئەم ژوورە پانو پۆڕو فێنک و فراوانە تەواو گونجاوە بۆ ئەوەی دەمانووسی، لەوانەیە بپرسی بۆچی وەک جاران بۆت نانووسم، لە دواجار هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخواستم بەدرێژای ژیان، ئەوە منم هەست دەکەم لەبەردەستدا منداڵێکی بچووکم لەبەر دەستی مامۆستایەکدا، تۆ چەشنی ئەوەی لەگەڵ منداڵێک بیت، ئەو هەستە هەمیشە لە مندایەو دەیان و سەدان جار دووپاتم کردۆتەوە.

## نامەی ژنە ئەدیبەکان

دوو نموونەی لەم شێوەیە هەیە کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٩)و ئەوی دیکەشیان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، کە هەردوو ژنە نووسەری زۆر بەناوبانگ نووسیویانن، ئەوانیش ژنە ئەدیب (جۆرج ساند) لە ١٩ی ینایری ١٨٣٥ بۆ ئەلفرێد دوموسێ دەڵێت: رۆژێک لە رۆژەکانی راڕایی و شێتیدا بۆم ئاشکرابوو کەمرۆڤ دڵنیا نابێت تاوەکو لە قوڕاوی ئەویندا نوقوم نەبێت، بەڵام من شانازی بەو هەستە دڵنیاییەوە دەکەم کاتێک لەگەڵتام جارێکیدی شێتدەبمەوە گەر خەیاڵ بکەم ژنێکی دی دڵی بردوویت من تەنیا دەبمەوە، پێویستم بەوەیە بیر بکەمەوە لەو شێوازە نموونەییەی کە تەنیا ژن بم لە ژیاندا، نامەوێ مشتومڕت لەگەڵدا بکەم، بەڵام بیرت دەهێنمەوە کە لە بیرکردن بۆ مرۆڤ بە ئازارە بەرلەوەی لەو نامانەی ئاڵوگۆڕی دەکەین ئەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە هێشتا یادەوەریی گەلێکمان هەیە کە وام لێدەکات لە دۆخێکی باشتردا بین.

بەڵام کلترین مانسفیلد لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥دا بۆ هاوسەرەکەی نووسیوەو دەڵێت: بۆ شازادە بچکۆڵەکەم، چەند حەز دەکەم لە گەڵتابم لە گڕی دەرپەڕیوی هەستە خەفەکراوەکان، کە دەبوو ئەو هەڵەمان بقۆستایانەوە بۆ جەژن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەک نین ئەم نامەیەم بۆ نووسیت، بەڵام نامەیەکی دوورودرێژ دەبێت ئەی خۆشەویستە ئازیزو گەنجینە بەنرخەکەم، ئەی بچکۆڵەی دەگمەن.. چیتر توانای ئەوەم نییە بەرگەی دووریت بگرم، داوا دەکەم لە خودا ئەو ماوانەی دووریمان کورت کاتەوە...

ئەمە نموونەی ئەو نامە سۆزدارییانە بوون ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەم دیاردەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا سەری هەڵدا، نامەی پەیوەندی گەشەی سەند لە ئێستاشدا ئەوین لە رێگەی زەنگ و هێڵی تەلیفۆن و مۆبایلەوە ساناتر بووە، لەبەر هێندەیە ئەوین لای ئەدیبانی کۆتایی سەدەی بیستدا زۆر جیاوازە، واش چاوەڕوان دەکرێت کە توێژەران زۆرینەی ئەو نامانەی ئەدیبانی پێشتر نووسیویانە نەدۆزنەوە لەبەرئەوە ئەدیبان لە خودی خۆیان زانیوەو وەک موڵکی تایبەتی پاراستویانەو زۆریشیان سووتاندوون یاخود بڵاوکراونەتەوە.

**زێدەر**

مەحمود قاسم بەیان/ مجلة الثقافة/ ژمارە ١٥٤ .